The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# من كوردم ، مافی خۆمە دەوڵەتم هەبێت

لۆزانی یەكەم .

كوردستانییانی دڵسۆز !

ساڵرۆژی پەیمانە شوومەكەی لۆزان بەڕێوەیە، ئەو پەیمانەی كە داگیركەران و زلهێزەكانی دوای جەنگی یەكەمی جیهانی، لە پشت دەرگە داخراوەكانەوە، هەموو شتێكیان لە نێوان خۆیاندا بەش كرد و چارەنووسێكی تاڵیان بۆ گەلی كوردستان دیاریكرد. لەم پرۆسەیەدا نەك هەر پەیمانی سیڤەریان پشتگوێ خست، بەڵكو ئەو چەند بەندەشیان لە پەیمانی لۆزان جێبەجێ نەكرد كە شەرمنانە باسیان لە كولتور و زمانی گەلانی بندەست دەكرد.

ئەو دەوڵەتانەی لە ئەنجامی پەیمانی لۆزاندا سنووریان چەسپا، هەشتا ساڵ زێترە، بە شێوەیەكی فەرمی و بێشەرمانە، بوونەتە وولاتانی یەك نەتەوە و یەك كەلتور و یەك زمان و یەك ناسنامە.

ئەوەتا دەوڵەتی تورك، لە بەر چاوی زەقی دنیای دیمۆكرات، ڕووقایمانە حاشا لە بوونی گەلێكی گەورەی وەك كورد دەكا، كە لەسەر زێدی هەزاران ساڵەی خۆی دەژی. ئەم سیاسەتە شۆڤێنیستانەی داگیركەران و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ بەرخۆدانی گەلی كوردستان بۆتە هۆی ناسەقامگیریی كۆمەلایەتی و دواكەوتنی ئابووری و چەقبەستنی پرۆسەی دیموكراتیزەبوونی ئەو وڵاتە.

لە ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا، كۆماری ئیسلامی ئێران كە ڕۆژلە دوای ڕۆژ لە لێواری سەرەونگوم بوونی نزیك دەبێتەوە كەچی بەردەوامە لە هێرشی هەمەلایەنەی بۆسەر گەلەكەمانە .

لەباشوری بچوكدا ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعس بەردەوامە لە سەركوت و بەڕەسمی نەناسینی بوونی نەتەوەو خاكی كورد .

دیارە سازكردنی ناوچەی دژەفڕین لە بەشێكی باشووری كوردستان و دواتریش ڕوخانی ڕژێمی سەدام هیوایەكی بە سەرجەم گەلی كوردستان بەخشیوە و گەشەی بە خەباتی نەتەوەیی كردووە، هەر ئەمەشە داگیركەرانی نارەحەت كردووە و وای لێ كردوون بیر لە چەندان پرۆژەی گومانبار بكەنەوە بە مەبەستی گێرانەوەی بارودۆخی سیاسیی ناوچەكە بۆ دواوەوە و دووبارە خراپ شكاندنەوەی بۆ سەر چارەنووسی كورد. دەنگۆی دووبارە داڕشتنەوەی ستراتیژی هێزەكانی هاوپەیمانان و وولاتانی دراوسێ و هێزەكانی تری سەر گۆڕەپانی عێراق ڕاستیی ئەو بۆچوونەمان دەسەلمێنێ. سەرگرتنی پرۆژەیەكی لەو بابەتە، نەك هەر بۆ باشوور، بەڵكوو بۆ هەموو گەلی كوردستان، دەقاودەق لۆزانیكی ترە.

بۆیە پێویستە ئێمەی كورد لەو مەترسییە ئاگادار بین و پێشی لێبگرین. باوەڕیشمان وایە كە تەنیا بە پەیڕەوكردنی سیاسەتێكی نەتەوەیی هەڵچنراو لە سەر بنەماكانی یەكبوونی كورد و یەك دۆزیی خەباتە ڕەواكەی ئەو ئامانجە دەپێكێ.

له ساڵیادی ئەمجارەی پەیمانی "لۆزان"دا، داوا له هەموو گەلی کوردستان دەکەین، بە شێوەیەکی جیاوازتر له ساڵانی ڕابردوو ، ئەو پەیمانە شوومە پرۆتێست بکا و دنیا له ئەنجامە وێرانکەرەکانی ئاگادار بکاتەوە.

ئێمە وەک ناوەندی هەڵەبجە - چاک - لەیادی پەیماننامەی شومی لۆزاندا لەم ساڵەوە خەباتی بەردەوامی هەمەلایەنە دەکەین بۆگۆڕینی ئەو پەیمانە شومە و دیاری کردنی مافی چارەنوس لە جێگەیدا ، کە پێمان وایە تەنها چارە پێکهێنانی دەوڵەتێکی دیموکراتیە لەسەر خاکی کوردستان .

ئەم ساڵ وەک سەرەتا ، لە ڕۆژانی 24 ــ27 /2007/7 لە گۆڕەپانی بارەگای نەتەوەیەکگرتوەکان ، مانگرتن ڕادەگەیەنین و لەو ماوەیەدا چەندین چالاکی سەرنجراکێش ئەنجام دەدەین. لە کۆتایشدا بە نیازی ڕسواکردنی پەیمانی لۆزان و ڕێزگرتن لە ئیرادەی گەلی کوردستان، یاداشتنامەیەک پێشکەش بە UN دەکەین.

کوردستانیانی دڵسۆز .

ئەو کارەساتە گەورانەی کە بەسەر نەتەوەی کوردا هاتوە ، سەرچاوەکەی پەیماننامەی لۆزانە . بەشداربون و پشتیوانی چەند ملیۆنی مرۆڤی کورد ، نیشانەی پێویستی بوونی دەوڵەتی کوردیە لەسەر زێدی هەزارەها ساڵانەمان .

وەرن با پێکەوە بە یەک دەنگ وبەیەک ڕەنگ لە ژێر ئاڵای کوردستاندا ، هاورار بکەین.

من کوردم ، مافی خۆمە دەوڵەتم هەبێت .

ناوەندی هەڵەبجە ــ چاک ــ سویسرا . 2007/7/1